مسیوو ژیلبێر میتیران

ئامادەبووانی بەڕێز..

ڕۆژتان باش..

سەرەتا دەمەوێت سڵاوی سەرۆك نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانتان پێ بگەیەنم.

مایەی شانازییە ئەمڕۆ لە باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان یادی خاتوو دانیال میتیران دەکەینەوە کە ساڵی ١٩٩٢ ئەم دۆستە مەزنەی گەلەکەمان، هەر لەم پێگەیە مێژوویەدا بەشداری لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی پەرلەمانی تازە هەڵبژێردراوی کوردستاندا کرد.

دە ساڵ بەسەر کۆچی دواییی خاتوو دانیال میتیراندا تێدەپەڕێت و ناو و ناوبانگی، وەک داکۆکیکاری ڕاستەقینەی مافی مرۆڤ و دۆستی دڵسۆزی گەلی کوردستان، هەر زیندووە و بە زیندوویش دەمێنێتەوە.

**یادکردنەوەی مەدام میتیران لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و لەم شوێنە بایەخدارەدا، دەربڕینی ئەمەکداریی گەلێکە، کە ئەم خانمە، ساڵانێکی زۆر و بێ دابڕان کۆششی کردووە بۆ گەیاندنی دەنگی بە دنیای ئازاد و مسۆگەرکردنی دۆستی زیاتر بۆ خەبات و مافە ڕەواکانی.**

**ئەم ڕێوڕەسمە بۆ گەلی کوردستان، یادکردنەوەی کەسایەتییەکە کە بە دایکی ئەم گەلە ناسراوە و بە ڕاستیش دایکێکی میهرەبان و دڵسۆزی کوردستانییان بوو.**

**لە ساڵە سەختەکانی سەدەی ڕابردووی خەباتی گەلەکەمان لەپێناو مافەکانیدا، ئەو دەمەی ڕژێمی پێشووی عیراق بە ئاگر و ئاسن کوردستانی وێران دەکرد و خەڵکی قاتوقڕ دەکرد، ساڵانێک کە بە زەحمەت دەنگی داواکانمان دەگەیشتە دنیای دەرەوە؛ خاتوو میتران دەنگی ڕاستیبێژ و هەقبێژی ئێمە بووە بۆ دونیا و چاوی ویژدانی مرۆڤایەتی بووە لەسەرمان.**

**خاتوو میتیران لەو کەسایەتییە مەزنانەیە کە هەموو تەمەنیان لەپێناو ڕەخساندنی دنیایەکی جوانتر بۆ مرۆڤایەتی و بەها جوانەکان تەرخان کرد، ئەو کەسایەتییانەی کە مێژووی مرۆڤایەتی جوانتر و ئاییندەش پڕ هیوا و پرشنگدارتر دەکەن.**

**بەڕێزان..**

**خاتوو میتیران بە هەق بەرهەمی کولتووورە ژیاندۆستەکەی فەرەنسای (ئازادی و یەکسانی و برایەتی)یە. ئەو ڕۆڵی کاریگەری بینیوە لە پتەوکردنی دۆستایەتیی نێوان هەردوو گەلی فەرەنسا و هەرێمی کوردستان.**

**فەرەنسا هەمیشە لە پێشەوەی وڵاتانی دۆستدا بوون بۆ هاوکاری و پشتیوانیکردن لە گەلی کوردستان، نزیکترین بەڵگەی بەرچاوی ئەم ڕاستییە، پشتیوانی و هاوکارییەکانی حکومەت و گەلی فەرەنسایە، لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان و گەلەکەی بەرامبەر بە شاڵاوە دڕندانەکەی تیرۆریستانی داعش. بەر لەمەش ئێمە هەرگیز هەڵوێستی جوامێرانەی فەرەنسا لە دامەزراندنی ناوچەی دژەفڕین و رۆڵی فەرەنسا لە نێوەندگیری بۆ راگرتنی شەڕی ناوخۆ لە یاد ناکەین.**

**ئێمە زۆر بەهای هاوبەشمان هەن کە پێکەوە کاریان بۆ بکەین و بۆیان تێبکۆشین، لەپێش هەمووشیانەوە بەهاکانی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و ژیاندۆستی.**

**گەلەکەمان هەرگیز هەڵوێستی دۆستانەی سەرۆک میتیران، سەرۆک هۆلاند و سەرۆک ماکرۆن، لە ساتە هەستیارەکاندا، لە یاد ناکات و بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە لێیان دەڕوانێت.**

**ئەم دۆستایەتییەی ئەمڕۆی نێوان گەلی کوردستان و گەلی فەرەنسا، یەکێک لەو ئامانجانە بوو کە خاتوو میتیران هەمیشە بۆی تێدەکۆشا، پتەوترکردنی ئەم دۆستایەتییە و فراوانکردنی بوارەکانی هاوکاریی نێوان هەردوو گەل و حکومەت، وەفادارییە بۆ ئەو پەیامە پیرۆزەی کە خاتوو میتیران تەمەنی خۆی پێ بەخشی.**

**ئێمە هەرگیز مەدام دانیال میتیران و هەڵوێستە دۆستانە و مرۆییەکانی لەبیر ناکەین و وەک سیمبولێکی جوانی مرۆڤدۆستی، بۆ هەموو مرۆڤایەتی لێی دەڕوانین، سیمبولێک کە لەنێو یادەوەری و مێژووەکەشماندا شوێنێکی دیار و تایبەتی هەیە.**

**دایکی کوردستانییان و خانمی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ و مافەکانی گەلی کوردستان، بۆ هەتاهەتایە بە زیندوویی لە یادەوەریی خەڵکی کوردستاندا دەمێنێتەوە.**

**گیانی شاد و یادی بەخێر.**

**سوپاس بۆ ئێوە.**